# پاكستان و گرێكوێرەی ئیسلامی سیاسی

## هەورامان علی

تیرۆری درندانەی بنازیر بۆتۆ (1953_2007) سەرەک وەزیرانی پێشوو یەكێک لە بەهێزترین پالێوراوەكانی هەلبژادنەكانی ئەمسال درگایی جەنگی ناوخۆیی لە پاكستاندا خستە سەر گازەرای پشت. پاكستان سالانێكی دوورو درێژە گیرۆدەی كێشمەكێشێكی سیاسی خوێناویە كە تێیدا هێزە سیاسیەكانی لە رێگەی تیرۆرو توندوتیژی و كودەتاوە دەسەلات ئالوگۆر دەكەن ! لەم نێوەدا ئیسلامی سیاسی دەستێكی بالای هەیە لە خۆشكردنی ئاگری شەرو كوشتار نەک تەنیا لە ناو خۆی وولاتدا ، بەلكو لە ئاودیو كردنی تیرۆر بۆ كشمیری هندستان و ئەفغانستان و تەنانەت ئەوروپاش....
بەنازیر بۆتۆ لە زۆر رووەوە كەسایەتیەكی سیاسی دژە شەپۆلی باو بوو لە ولاتەكەی خۆیدا ،پێش هەموو شتێک ئەو ژن بوو ، ژن و سیاسەت لە ولاتێكدا كە ئیسلامی سیاسی بەشێكی گرنگ لە دامەزراوەكانی دەولەت پێک بهێنێت كوجا مەرحەبا ! ئەو لەرێزی ئەو ژنە رۆژهەلاتیە تاک و تەرایانە بوو كە تاپۆی شكاند. ( ناقص عقل) بوونی وەک ژنێک لە وولاتانی ئیسلامیدا خستە ژێر پرسیارەوە. ئەو توانی بۆ دووجار ببێتە سەرەک وەزیرانی وولاتێكی ئیسلامی، ئەوە یەكەمین جار بوو لە مێژووی دوروو درێژی وولاتانی ئیسلامیدا ژنێک سەركردایەتی وولات لە ئەستۆ بگرێت. لە روی سیاسیەوە ئەو كەسایەتیەكی لیبرال بوو لە وولاتێكدا كە تاسەر مۆخ نوقمی دواكەوتوویی و كۆنە پارێزی و كۆنەپەرستیی بووە، لە رووی مەزهەبییەوە ئەو شیعە بوو لەكاتێكدا زۆربەی دانێشتوانی پاكستان سوننە مەزهەبن ، لەمانەش گرنگتر ئەو لە هەلمەتی هەلبژاردنەكانی چەند رۆژی رابردووی ئەو وولاتەدا بە ئاشكرا دژایەتی خۆی بۆ (قوتابخانە) ئاینیەكان راگەیاند بوو..... هەر بۆیە هەولی ترۆر كردنی كارێكی نەک هەر چاوەروان كراو بوو،بەلكە دواش كەوت ! خودی بۆتۆ لە هەموان باشتر ئەم راستیەی دەزانی .ئەو لە دواین دیداریدا لەگەل حامید كەرەزای سەرۆكی ئەفغانستان رایگەیاند ئامادەیە لە پێناو روبەروبونەوەی تیرۆریستەكاندا گیانی خۆیشی پێشكەش بكات.

ئەوشتەی لە پاكستان پێیدەوترێ (قوتابخانەی ) ئاینی لە راستیدا شتێک نیە جگە لە كارخانەی دروستكردنی تیرۆر و شتنەوەی مێشكی ئەو مندالە داماوانەی كە هەژاری و نەداری خێزانەكانیان پالیان پێوەدەنی بۆ نێو ئەو زەلكاوەی كە بە تیرۆریزمی نێودەولاتی ناوبانگی دەركردووە . تالیبانی ئەفغانستان و تالیبانی پاكستان و زۆرێک لە رێكخراوە ترۆریستیەكانی كشمێر لەم زۆنگاوەدا سەریان دەرهێنا و دەهێنن.
پاكستان وەک وولات خۆی یەكێكی ترە لە قوربانیەكانی جانگی سارد، خودی ئەوەی پێیدەوترێ (قوتابخانەی ) ئاینی یەكێک بون لە ئامرازەكانی ئەو جەنگەو یەكێک لە كارتەكانی گوشاری خۆر ئاوا بۆ سەر رۆژهەلات. با كەمێک بگەرێینەوە دواوە ،لە دەیەی حافتاكانی سەدەی رابردوودا لە دوای شكستی ئەمەریكا لە ڤێتنام و داگیركردنی ئەفگانستان لە لایەن هێزەكانی یەكێتی سۆڤیەتی جارانەوە ، نەخشەدارێژەرانی سی ئای ئەی و پنتاگۆن بریاری دروستكردنی پشتێنەی (سەوزی)ان دا بە دەوری یەكێتی سۆڤیەتی جاراندا ،پشتێنەی سەوز یانی رێكخستنی هێزو رەتە ئاینیەكان بەتایبەت ئیسلامیەكانی رۆژهەلاتی ناوەراست لە دژی هێزە چەپەكانی ئەو كات ، بۆ ئەم مەبەستە كودەتاكەی جەنەرال محەمەد زیا ئەلهەق، لە پاكستان هەنگاوێک بوو لەم راسایەدا .هنری كیسەنجەر كە ئەو كات وەزیری دەرەوەی ئەمەریكا بوو رۆلی سەرەكی لەم نەخشەیەدا گێرا ، قوتابخانە ئایننیەكان تەنیا گۆشەیەک ئەم سیاسەتە بوون ،كە پارەو پولی ئەم بنكە ئاینیانە لە لایەن شێخەكانی خلیج

بەتایبەتی عەروبستانی سعودیەوە دابین دەکرا، هەر ئەو قوتانخانانەی ئەمرۆ دەزگی هەوالگری دەولەتە رۆژئاواییەکان بەتایبەتی ئەمەریکا جەخت لەسەر داخستنیان دەکەن وەک هەنگاوێک لە روبەرو بونەوەی ترۆر لە ناوچەکەدا .

بە جیا لەمانە زۆر هۆکار هەن کە یارمەتی ئیسلامی سیاسیان دا لەو وولاتە گەشە بکات ،هەژاری و نەداری سیمای بەرجەستەی خەلکی پاکستانە ، ئەگەرچی لە زۆرێک لە هەرێمەکانی ئەو وولاتەدا دامو دەزگایی ئامار نیە تا ئاماری هەژاری بە ژمارە دیاری بکەین ،بەم حالەشەوە نزیکەی 50% هێزی کاری ئەو وولاتە بەتایبەت لە ناوچەی وەزیرستان بێکارن. لەورێژەیەش زیاتر بێکاری رازین( بطالة مقنعة) ،لەزۆرێک لە هەرێمەکانی پاکستان لە 70% دانیشتوان نەخوێندەوارن. نەخوێندەوار لە دنیای ئەمرۆدا ئەوانەن لە کۆمپیوتەر نازانن نەخوێندەواری لە پاکستاندا ئەوانەن ناتوانن ناوی خۆیان بنوسن . ئەوە بەجیا لەوەی کە خودی پاکستان لە سەر بناغەی ئیسلام بوونی دانیشتوانەکەی لە هندستانی دایک جیابویەوە ئەوکات بە پشتیوانی رۆژ ئاوا دان بە سەربەخۆی بوونیدا نرا. بە هەرحال پاکستان گیرۆدەی رژێمێکی سیاسی دکتاتۆرو ئۆپۆزسیۆنێکی تاسەر مۆخ دواکەوتووە هەر ئەمەش سەرچاوەی نەهامەتی و بەتبەختی خەلکەکەیەتی .

تیرۆر کردنی بۆتۆ بەم شێوازە درندانەیە هەنگاوی یەکەمی دەستپێکردنی جەنگی ناو خۆی ئەو وولاتەیە ، جەنگێک کە تەرو وشک پێکەوە دەسوتێنێت و کارەساتی گەورەی بە شوێنەوەیە . بە تایبەت پاکستان وولاتێکە خاوەنی بۆمبی ئەتۆمییە ، لە حالێکدا هەمووان ئەو راستیە دەزانین کە تیرۆریستە ئیسلامیەکان چەندە پەرۆشی بە دەست هێنانی ئەو چەکە کوشندانەن و هیچ سلیش لە بەکارهێنانیان ناکەنەوە لە بەرامبەر نەیارەکانیاندا، هەر ئەمەش لە پشت ئیدانەکردنی بەر فراوانی جیهانی تیرۆری بۆتۆوەیە لە سەر ئاستی جیهاندا . دواشت کە دەبێت بوترێت ئەوەیە کە ئەگەر چی تیرۆریستان توانیان بۆتۆ لە روی فیزیکیەوە لە ناو بەرن، بەلام زەحمەتە بتوانن ئەو کۆنە پەرستیە سیاسیەی درێژە پێبدەن و بەر بە رەتی هەولدان بۆ گۆرینی سیستەمی سیاسی ئەو وولاتە بگرن .